# ژن و ئایدیۆلۆژیای پیاوسالاری
# لەدیدی جوانناسییەوە..

**دارا مەحمود**
darachimen@hotmail.com

یەکێک لەو دیدو بۆچوونە کاریگەرانەی لەسەدەی ڕابردوو، و دوای جەنگی دووەمی جیهانی دەستی پێکردو پاشان تاڕادەیەک لەڕۆژئاوادا ڕەواجی پەیداکرد، و تا ئەمڕۆش بەردەوامە، ڕەخنەی جوانناسیانە لەدیدێکی فێمینیستییەوە بوو.

ناوەرۆک و ئامانجی ئەو جۆرە ڕەخنانە کەبەرهەمی مەزنی لێکەوتەوە بەشێوازە ئاساییەکەی، واتا، ڕەخنەی زمانەوانی و ئەدەبی و هونەریی نەبوون. بەڵکو گەڕان و دیتنەوەی شێوازی مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی ژن لەبابەتە هونەری و ئەدەبی وفەلسەفی زمانەوانییەکاندا. کەبەشێک لەو ڕەخنانە تائەو جێگایە ڕۆیشتن ڕەخنە لە زیگموند فرۆید و کارل مارکسیش بگرن.1

لەچاو دیرۆکی مرۆڤایەتی دەتوانین بڵێین، هێندە لەمێژ نییە کەتەنانەت بەرجەستەترین و مەزنترین ناودارانی فەلسەفەو پێشڕەوانی هزر و ئاڵاهەڵگرانی شۆڕش و وەرچەرخانی مرۆڤایەتی بەرەو پێشکەوتن و پچڕاندنی کۆت و بەندەکانی پاشڤەڕۆیی، ژن وەک بوونەوەرێکی پاشکەوتوو بەسرووشتی خۆی دەبینێت. ئەمەش– لەدیدی ئەوانەوە– بەم واتایەیە کە گەڕان بەدوای بەرابەری لەنێوان ژن و پیاودا کارێکی بێ هودەیە. چونکە باس لەگۆڕینی کارێکی سرووشت کرد دەکرێت..!

هێگل دەڵێت: ژنان دەتوانن خاوەنی فەرهەنگ، هزر، سەلیقە بن. بەڵام ناتوانن ئایدەیەکی ڕەها بەدەست بخەن. جیاوازی نێوان ژنان و پیاوان وەک جیاوازی نێوان ئاژەڵ و ڕووەکە... چونکە گەشەسەندنی ژنان لەهی پیاوان ئارامترە.)2

هێگل لەهەڵسەنگاندنی ڕەگەزی ژن، ئاستی کاریگەرییە جۆربەجۆرەکان و هەلومەرجە مادی و مەعنەویەکان نابینێت و خەسڵەتەکانی ژن وەک ئەبەدی و ئەزەلی، کەشیاوی گۆڕان نین هەڵدەسەنگێنێت.

هەروا ژان ژاک رۆسۆ لە کتێبی ئیمێل (Emile)دا دەڵێت: (گەڕان و توێژینەوەی ڕاستییە ئینتیزاعی و عەقڵانی و بنەماکانی زانست و هەرشتێک کە نیازی بە گشتیکاری (تعمیم) هەبێت، لەدەرەوەی تواناى دەرکپێکردنی ژنە. دیراسەو توێژینەوەکانی ژنان پێویستە بەتەواوی لەبواری پراکتیکدا بن. ئەرکی ئەوان ڕاپەڕاندنی ئەو کارانەیە کە پیاوان پێی گەیشتوون و بەدەستیان هێناوە...)3

ئەوەی ئێمە دەتوانین لەم بۆچوونەی بیرمەندێکی مەزنی وەک ڕۆسۆوە هەڵێنجین ئەمەیە کە ژنان توانای بەکارهێنانی عەقڵ و ئیدراک، بیرو ئەندێشەیان سنووردارەو لەمڕووەوە ئەوان لەوەی ببنە پاشکۆی پیاو بەولاوە چارەیەکی تریان نییە.

ئیتر کاتێک ئەم نموونانە لەبەرهەمی فەیلەسوف و بیرمەندانێکدا دەبینین کە مرۆڤایەتی قەرزاری بیرو مەعریفەیانە، لەسەرێکەوە پەی بەئاستی ئەو زوڵمە گەورەیە کە بەدرێژایی دیرۆک و تا ئەمڕۆش دەرهەق ڕەگەزی ژن کراوەو دەکرێت، دەبەین. لەسەرێکی تریشەوە، ئیتر پێویستییەک لەوەدا نامێنێت کەپەردە لەسەر دیرۆکێکی درێژتر هەڵبدەینەوە. چونکە ئەگەر پێشەوایانی ڕۆشنگەری بەمجۆرە ئەوکێشە گەورەیەی مرۆڤایەتی بخوێننەوە، ئیتر چ پێویستە بۆ نموونە لسەر وتەی پەیامبەری ئیسلام بدوێین کە دەڵێت: (شاورهن و خالفوهن) واتا پرسیان پێ بکەن و بەقسەیان مەکەن.

بەڵام بەشیک لە ئامانجی ڕەخنەی جوانناسیانە لە دیدی فێمینیستییەوە، یانیش ئەو مەبەستەی کەدەیخواست نیشانی بدات، ئەمەبوو کە مامەڵەکردنی هەڵە لەگەڵ کێشەکانی ژن و بازدان و نەدیتنی زۆر لایەنی نابەرابەریی و چەوساندنەوە تەنیا لە لایەنی شعوری و ئاشکراکاندابەدیار ناکەون. بەڵکو گەلێک جار لە (لاشعور)و لایەنی نائاگاییدا پەنگی خواردۆتەوەو تەنیا لەدێرو واژەو دەلالەتەکانی جوانناسیدا بەدیاردەکەون.

ژن و پیاو لەبواری فەرهەنگ و ڕۆشنبیریدا خاوەنی هەلومەرج و دەرفەتی یەکسان نین بۆ پێشکەوتن و گەشەسەندن. نابەرابەریی ژن و پیاو چ بەزانابوون بێت یان نا، پاساوی بەرەو چەسپاندنی ئەو دیدەی بۆ دادەتاشرێت. لێرەوەیە کە گرنگی ئەم جۆرە ڕەخنانە بەدیاردەکەوێت.

سیمون دوبوڤوار. لەپەرتوکی (ڕەگەزی دووەم) ئەو بابەتەی خستە بەر باس و لێکۆڵینەوە کە ژنان، لەمیانی فۆرمگرتنی فەرهەنگی مرۆڤایەتی، بە ڕەواجپەیداکردنی پیاوسالاری و گەشەسەندنی زەمینەی عەینی کۆمەلایەتی زاڵبوونی پیاوان، هەمیشە وەک پەیوەستەو پاشکۆی پیاوان چاویان لێکراوە. و لەواقیعدا پیاو سوبژێکتی ئەو فەرهەنگە بووەو ژن ئەوی تر، یان بوونەوەرێکی پاشکۆ.

ژن بە ماهیەتی زگماکی خۆی وەک ژن، واتا، بوونەوەرێکی بێدەسەلات و لاواز لەدایک نابێت. بەڵکو ئەوە کۆمەڵگایە بەرەبەرە ئەو دەکاتە ژن.

لەم دیدەوە دوبوڤوار پەی بەمەبرد کەلەزۆر نووسین و بەرهەمی تەنانەت ئازادیخوازانەشدا، ڕیشەی دژایەتیکردنی ژن، یان زیانگەیاندن بەکێشەکەی دەبینرێتەوە.4

هەروا ژانیت ۆلف لەپەرتوکێکیدا بەناوی (ڕستەگەلی ژنانە)، باس لە کاریگەرییە فرەلایەنەکانی سیستەمی پیاوسالاری لەسەر بەرهەمهێنانی فەرهەنگی و ڕۆشنبیری دەکات و دەڵێت کەتەواوی ئەدەبیاتی مۆدیرنیتە تەنیا مەیلی بەلای ڕاڤەکردن و وەسفکردنی ئەزموونی پیاواندایە. چونکە خولیایی مۆدێرنیزم، جیهانی گشتی (نەک تایبەت)، ژیانی سیاسی، ئابووری و شارنشینییە.. کەتاچەند دەهە بەرێ ژن ڕۆڵێکی لەمانەدا نەبووە.5

یەک لەو نموونە بەرچاوانەی ئەدەبیاتی مۆدێرنیتە بەرهەمەکانی بۆدلێرە. کەبەلای هەندێکانەوە پێشەوای مۆدێرنیتەیە. ئەو لەشیعری (گەڕۆک) دا باس لەکەسێک دەکات کەبێ ئامانج بەناو شاردا دێت و دەچێت. چاو لەجۆرەها کالای ناو فرۆشگاو دوکانەکانی شاردەکات و سەرنج بەو تاک وگروپە مرۆڤانەدەدات کە هەر لەهاتووچۆو کڕین و فرۆشتندان و گاڵتەی پێیان دێت. ئەو بەڕواڵەت تەنیا تەماشاکەرێکە. تەماشاکەرێکی تاک و نامۆ، بێگانە. ئەمەش هەر سیمبۆلێکە بۆ بێ ئامانج بوونی ژیانی کۆمەلایەتی مۆدێرنیتە.

ئەو (گەڕۆک)ی بۆدلێر پیاوە. چونکە هەروەک ژانێت ۆلف دەڵێت، ئەو کاتە تەنیا بۆپیاوان هەبوو، بەناو شەقام و کۆلانەکانی ناو شاردا بێن و بچن. تەنانەت ۆلف دەڵێت کە ژن لەناو شیعریشدا بۆی نەبووەو نەیتوانیوە بگەڕێت.

بەمجۆرە ئێمە لەهونەرو ئەدەبیاتیشدا کە بەڕواڵەت دوایین پەناگەی ژنە بۆ ئازادی و ڕزگاربوون لەدەست زوڵم و ستەم، ڕووبەڕووی هونەری پیاوسالاری و ئەدیبی پیاوسالار دەبینەوە.

لەناو ڕەخنەگرانی هەرە بەناوبانگی فێمینییستیدا شوالتەر (Schowalter)، لەتوێژینەوەکانی خۆیدا ئەوە دەسەلمێنێ کە ژنە ڕۆماننووسەکانی ئینگلستان بەدرێژایی دیرۆکی ئەدەبیاتی ئینگلیزی چ سەختی و زەحمەتێکیان چەشتووە. کەبۆ نموونە نەیانتوانیوە سادەترینی خواستە سێکسییەکانی ژنانە دەربڕن. و بەناچاری هەمان دیدیان دەربڕیوەتەوە کەدیدی پیاوسالارانەی ڕەواجپێدراوبووە.6

بەڵام ڕەخنەی بنەماشکێنی ئەو بوارەی هێنایە ئاراوە کە ئەو دەقانەی بەڕوواڵەت بێلایەنن و یانیش مەبەستی خۆی شاردۆتەوەو یانیش بەجۆرێک لەجۆرەکان نکوڵی لێدەکات. لەڕێگای تێکشکاندنی بنەماواتاییەکانیەوە پەی پێ ببات و ئاشکرای بکات.

شوالتەر دەڵێت: (پەیامی ڕەخنەگرانەی فێمینیستی دیتنەوەی زمانێکی نوێ و ڕێگایەکی نوێیە لەخوێندنەوەدا. کەبتوانێ هۆشمەندی و ئەزموونەکانمان، هەروا ژیری و ئازارەکانمان، گومان و دیدەکانمان پێکەوە بکاتە هاوڕێی یەکتر).

یەکێکی تر لەهەڵگرانی بیری ڕەخنەگرتن لەدیدی جوانناسییەوە فەیلەسوفی فێمینیست (ژولیا کریستیڤا)ی فەرانسی زمانی بەڕەچەلەک بولگارە. کەلە کەناڵی زمانناسی و پسکۆلۆژییەوە دیراسەکانی خۆی دەستپێکرد و ساڵی 1974 نامەی دکتۆراکەی خۆی لەژێر ناوی (شۆڕش لەزمانی شاعیرانەدا) پێشکەش کرد. ئەو لەباس و توێژینەوەکانی خۆیدا پتر جەخت لەسەر ڕۆڵی سەرەکی(سوبژێکتی قسەکەر) دەکاتەوەو ئامانجی سەرەکی ئەو، شیکردنەوەی واتایی ناسین و دیتنەوەی ئاڵۆزی دەلاتەکانی زمانەوانییە.7

کریستۆڤا گەرچی فەیلەسوفێکی سەرسەختی فێمینیستە بەڵام بەشیوازێکی تەواو تایبەت. چونکە ئەو فێمینیزم دەکات بەسێ قۆناغەوە. قۆناغی یەکەم ئەوەی فێمینیستەکان بەدوای بەرابەری هەمەلایەنەو ڕەهای نێوان دووڕەگەزی نێرومێن. و کریستۆڤا فێمینیزمی ئەو قۆناغە ڕەتدەکاتەوە چونکە پێیوایە ئەوانە جیاوازییە سێکسییەکانی ژن و پیاو پشتگوێ دەخەن. و لەمڕووەوە بەتوندی ڕەخنە لەسیمون دوبوڤوار بەهۆی ڕەتکردنەوەی ڕۆڵی دایکایەتی ژن دەگرێت. هەروا قۆناغی دووەمی فێمینزمیش دیسان ڕەتدەکاتەوە. چونکە بەبەهانەی ئەوەی زمان و فەرهەنگ سەراپا و لەگەوهەری خۆیدا پیاوسالارانەیە دەبێ ڕەتبکرێتەوەو سەرلەنوێ بنیاتبنرێتەوە. بەتوندڕەوانەو ناڵۆژیکمەندانە دادەنێت. ئەو لایەنگری قۆناغی سێیەمینی فێمینزمە کە هەوڵدەدات پەیوەندی لە نێوان (ناسنامەگەرایی و بێگانەگەرایی– هەویەت و غەیرییەت)دا ببینێتەوە.

لەدوای ئەو شێوازە ڕەخنەییەو هەوڵ و خەباتی جۆربەجۆری ژنان و پیاوانی هۆشمەندو ئازادیخواز.. گەرچی هێشتا ڕێگایەکی درێژ لەپێشە. بەڵام ئیتر ژنان ئەوبوارەیان خوڵقاندووە کە چیتر پاشکۆی دیدی پیاوسالارانە نەبن و دەربڕی خواستە واقیعیەکانی خۆیان بن. بەڵام ئەوەی خۆشبینییەکانمان سنووردار دەکات ئەمەیە کە پێشکەوتنە گەورەو بەرچاوەکان تەنیا لەبەشێکی ئەم جیهانەدا ڕوودەدەن و لەشووێنەکانی تردا جارهەیە گەڕانەوە بۆدواوەش ڕوودەدات.

## ئایدیۆلۆژیای پیاوسالاری لەئەدەبی کوردیدا:

لە ئەدەب و هونەری کوردیدا دیدی پیاوسالارانەی ئەدیب و هونەرمەند لەوە زەقترە کە گومان هەڵبگرێت: گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان، پەندەکانی پێشینان، شیعرە دڵدارییەکان، چیرۆک، نوکتەو بابەتە کۆمیدییەکان... لەهەموویاندا ژن بریتییە لە بوونەوەرێک کە چەند ڕۆڵی پێ بەخشراوە:

یەکەم/ ئەوشتەی کە دروست بووە تا چێژوخۆشی بەپیاو ببەخشێت.

نالی دەڵێت:

ئەو شەربەتە، ئەو جامەشەراوە
بۆ(نالی)یە ئاخر کەخودا بۆئەوی داوە

هەروا دەڵێت:

کچ پەرچەمی چین چینە، دوو مەمکی لەسەر سینە
وەک شانەیی هەنگوینە بۆ لەزەتی دنیا کچ

ئیتر لەهەرشوێنێکدا هەوەسبازی پیاو (ئەدیب و هونەرمەند) سەری هەڵدابێت ناوی لێنراوە ئەوین. کە لەو ئەوینەدا نێرگزیزمی پیاو دەگاتە ئەوپەڕی. و هەرکات (ژن) ڕازی نەبووبێ ئەو ڕۆڵە، واتا دامرکاندنەوەی هەوەسەکانی پیاو بگرێتە ئەستۆ، بۆتە بێ وەفا، بێ حەیا، شەرمەزار، ڕووزەرد،...و کەوتۆتە بەر دوعاو پاڕانەوەی پیاو، بۆئەوەی خێر لەژیانی خۆی نەبینێت و تەنانەت بسوتێت. و گشت ئەو دوعایانەش هەرکات دەسەڵاتی پیاو لەئارادابووبێ بەپراکتیک جێبەجێ کراوەو یانیش هەڕەشەی ئاشکراکردنی نهێنییەکانی و بەختڕەشکردنی لێکراوە.

پەشێو دەڵێت:

**لەدەستم دێت کاتژمێری کامەرانیت بوەستێنم...**

نالی دەڵێت:

**ئەگەر نەیدەیتە دەس خۆم قاتیلی خۆم**

**لەڕۆژی ئاخیرەت دا بی پێناوم**

مەحوی دەڵێت:

**غەیری بەد نەیدی لەتۆ (مەحوی) ئەتۆش**

**هەر بەدت ڕێ بێ ، بەدی بەدکار هەی**

ئەم دیاردەیە بەشیعر سنووردار نابێت و چیرۆکیش هەر بەهەمان ڕێچکەدا دەڕواتەوە. بۆنموونە شێرزاد حەسەنی ئازادیخوازو لایەنگری مافی ژن لە کورتەچیرۆکی (چەتر)دا سەرەڕای ئەوەی دیسان لەگۆشەنیگای سێکسێکی ڕووتەوە بۆژن دەڕوانێت و دەڵێت: لەدواوە تێم ڕوانی، قژە قەترانییەکەی نەکورت و نە درێژ بەسەر پاڵتۆکەیدا پەخش کردبوو، لەژێر ئەو پاڵتۆ ئەستوورەشدا هەردوولاکەفەڵی لەگەڵ هەنگاوەکانی سەمایان دەکرد... پاشان مامۆستای دەستڕەنگین بەخۆی نازانێت کە ئەو پیاوەو هەڵگری ئایدیۆلۆژیای پیاوسالارییەو لەبەرانبەر ژندا هەمیشە کەڵبەکانی گرِدەکاتەوەو لەحاڵی ئامادەباشدایە بۆ هێرش و پەلامارو سەرسامانە دەڵێت و دەپرسێت: (ئاوڕێکی دایەوە، ئاوڕێکی دوژمنکارانە، چاوەکانی بێزاری و ڕقیان دەنواند، بێزاری لەچی؟ نەمدەزانی...) بەڵام ئەگەر ئێمەی پیاو بەو خەسڵەتە دوژمنکارانەی خۆمان ناشارەزاین، ئەوە ژن دەتوانێ بەغەریزە، یانیش ڕاستره بڵێین لە ڕووی ئەزموونەوە پەی بەم خەسڵەتە ببات. بەگشتی ژنان دەزانن ئێمەی پیاو ژنمان بۆ چییەو چ چاوەڕوانییەکمان لێی هەیە.

شێرزاد حەسەن بەمەش دەستهەڵناگرێت و دەڵێت: (لەشوێنانی دیکەی دنیا باران خەڵکی پیادەو تەنها بەیەکدی ئاشنادەکا، دوو دوو دەخزێنە ژێر چەترەکان...) گەرچی ئەمە هەر لەبناخەوە دوورە لەڕاستی. و کولتوورو وڵاتێکی سەرئەم زەمینەم پێ شک نایەت لە کاتی باران باریندا دوو دوو کچان و کوڕان– مەگەر ئەوەی دۆست و ئاشنای یەکتر بن– بخزێنە ژێر چەتری یەکتر.  بەڵام دیسانیش ئەمە بەهەڵەداچوونێکەو دەکرێ چاوی لێ بپۆشین و یانیش با هەر بڵێین خەونێکەو دەشێ لەچیرۆکێکدا بەرجەستە ببێ. بەڵام لەهەموو ئەمانە گرنگتر ئەوکاتەیە کە خانمی چەتر بەدەست دەخلیسکێت و قارەمانی چیرۆکی چەتریش کە بەلانی زۆرەوە هەر خودی نووسەرەکەیەتی لەو ڕق و تۆڵەیەی خانمی چەتر بەدەست ئەو قارەمانەی بانگ نەکردۆتە ژێر چەترەکەی، دەڵێت: (وای لە ڕێکەوت، دیم کتوپڕ خلیسکا و یەک تەختە لەناو قوڕو چڵپاودا پەلەواژەبوو. بزەیەک نیشتە سەر لێوانم، لەخۆم پرسی: تۆ بڵێی بزەی سووکە ڕق و تۆڵەبێ لەو کچە...) . گەرچی پاشان دەیدرکێنی کە لەبەرانبەر ئەو هەستەی خۆی تەریق دەبێتەوە. بەڵام مامۆستا شیرزاد تەنیا بەپەلە پرِوزێ تاکی خۆی پێ لەو شەرمەزارییە ڕزگار دەکرێت و سیستەم و ئایدیۆلۆژیاکە هەر ئەوەن کە هەن.

خۆڕایی نییه که بیرمەندان و گەورەپیاوان ئەوین بەو شتە وەسف دەکەن که به زەماوەند، یان به بەیەکگەیشتن کۆتایی دێت. چونکه ئەوینی پیاو، شێت و شەیدابوونی، پاڕانەوەی، بەڵێنەکانی... هەمو لەگەڵوگونیدایەو بەدامرکاندنەوەی هەستی سێکس ئەوانیش کۆتاییان دێت. لەمەش بەولاوەتر پیاوێک کەلەژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژیای پیاوسالاریدا پەروەردە بووبێت و ژیان بکات، لەپەیوەندی لەگەڵ ژندا هیچکات بەقۆناغی کامڵبوون ناگات و هەروەک موراهیقێک دەمێنێتەوە.

له لێدوان دەربارەی ئەوین و خۆشەویستی هەمیشه دەگوترێت: ئەوینی ڕاستەقینه، و ئەوینی ساختە. یان ئەوینی زەمینی و ئەوینی خودایی، هەروا ئەوینی ڕواڵەتی و ئەوینێکی هەڵقوڵاو لەناخدا... و هیتر. له دیرۆکی فەرهەنگ و فەلسەفەشدا دوو جۆر شێوازی ئەوین دەبینینەوە یەکێکیان ئاگاپه (agape). کەلەزمانی یۆنانیدا بەواتای ئەوینی مەعنەوی و ئەخلاقی دێت و لەفەرهەنگی فەلسەفەی ڕۆژئاوادا بەواتای بڵندترین و ڕاستگۆیانەترین شێوازی خۆشەویستی دێت. ڕیشەی واتا یۆنانییەکەشی بەواتای (ڤیستیڤاڵی ئەوین)ە. ئاگاپه لەبەرانبەر واژەیەکی تردا بەکاردێت که ئیرۆس (eros) ەو بەواتای ئەوینی ئاسایی و نەریتی و ڕواڵەتی دێت. و زۆربەی بیرمەندانی ئەم بوارە لەو باوەڕەدان که ئیرۆس بێ ئاگاپه ئەوینێکی هەوەسبازییانە، کوێر، و وێرانکەرە. و کەسێک کەبەشیوازێک لەشێوازەکان دەروونی پڕنەبێت له ئاگاپه یان ئەوینی ئەخلاقی، دەکەوێتە باوەشی مالیخولیایی (melancholy) و هەست و خەیاڵ، هەروا توانای ئەویندارێتی و دەربڕینی عەشقیش لەدەست دەدات. و ناتوانێ فۆڕم بەو ئامانجە پیرۆزانەی که ڕەنگه لەزەینیدا بەرجەستەببن، ببەخشێت.

لەمڕووەوە ئەوەی لەکۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکاندا هەستی پێدەکرێت ئەمەیە که پیاو هەڵگری ئیرۆسەو ژنیش ئاگاپه. ئەگەر نموونەی پیاوی کورد بهێنینەوە، دەبینین پیاو، گەلێک پیاو، کەلەژماردن نایەن هەن، نانیان نییه بیخۆن، ماڵ و منداڵ هەژارو ڕووت و بێ دەرەتان.. بەڵام لەتوانای ئەوپیاو(ان)دایە پارە لەبنی بەرد دەربهێنن بۆ بەدەستهێنانی چێژێکی سێکسی لەدەرەوەی خانەوادەی خۆیان. و لەبەرانبەر هەر ژنێکی هەوەسبازدا سەدان و ڕەنگه هەزاران پیاو دەبینینەوە، و تاکو ژنێک خیانەت له بەڵێنی خۆشەویستی دەکات و مێردو منداڵی دەکاتە قوربانی چێژێکی کاتی، پیاوان پۆل پۆل ئەم کارەدەکەن.

و ئەگەر پیاوان بۆیان بلوایە هەر ڕۆژەی ژنێکیان دەهێناو تەواوی بایەخەکەشی هەر لەو ڕۆژەدا تەواودەبوو. لەمڕووەوە پەشێو لەشاعیرانی تر ڕاستگۆترە که ئەم خەسڵەتەی پیاو ناشارێتەوەو بێ پەردە دەڵێت:

**نیازم وایە**

**شەوو ڕۆژێکم تەنیا هی تۆ بێ.**

...

**خانومانەکەم!**

**تۆش تەنیا جارێ، خۆت تاقی کەوە...**

**با شەوو ڕۆژێک هەمووت هی من بێ:**

...

**تەنیا هەر جارێک،**

**بۆشەوو ڕۆژێک،**

**نیوەژن بکوژەو ژنێکی ژن بە!**

**من شەوو ڕۆژێک دەبم بەهی تۆ،**

**تۆش شەوو ڕۆژێک تەنیا هی من بە!**

مەحویش دەڵێت:

**دڵی بردم بەشۆخی دولبەرێکی تازە، سەرلەنوێ**

**موبارەک بێ لەدڵ سەودایەکی کەوتە سەر لەنوێ**

لێرەدا دوو چەمکی **تازە**، و **سەرلەنوێ** دەلالەتن بۆ ئەوەی شاعیر(پیاو) هەربەدوای گۆڕینی دلبەرەکانیەوەیەتی. ئەمەش شایستەی موبارەکبابیە چونکە دەستکەوت وسەرکەوتنن بۆ پیاو. و هەرلەبەر ئەمەش بەردەوام دەبێت.

هەردیش دەڵێت:

**ئەوبەتەنیا بۆگوڵی سەرمێزی بادەی تۆی ئەوێ**

**هەرکەجارێ بۆنی کردی، جا گوڵێکی نوێی ئەوێ**

گەرچی هەردی زۆرجوان پەنجە لەسەر واقیعێکی زاڵمانەو فێڵبازانە دادەنێت. بەڵام پێموایە لەوەدا بەهەڵەدا دەچێت کە ئەمە وەک خەسڵەتی تاکی پیاو کەئەو پیاوەش دەوڵەمەندە دەبینێت. لەحاڵێکدا لایەنگران و پەیڕەوانی ئایدیۆلۆژیای پیاوسالاریی بەدەوڵەمەند چوارچێوەدار نەبووەو هەژارانیش دەگرێتەوە و ئەمە خەسڵەتی کۆی پیاوەو تەنیا دانەدانە لەدەرەوەی ئەم سیستەم و ئایدیۆلۆژیایەدان.
بۆیە شیاوتر بوو بڵێ:

**پیاو بەتەنیابۆ گوڵی سەرمێزی بادەی تۆی دەوێ**

**هەرکەجارێ بۆنی کردی جا گوڵێکی نوێی ئەوێ**

هەروا دەکرێ ئەم چاوتێرنەبوون و ئۆقرەنەگرتنە بەچەندان شێوازی تری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ. دیار یان نادیار بێت.. و ئەگەر لەمڕووەوە بۆ نموونە بەرهەمەکانی گۆرانی مەزن بخوێنینەوە، کە گومانێک لەمەزنی، ئازادیخوازیی، لایەنگری لەکێشەکانی ژن، مرۆڤبوون بەتەواوی واتاکانییەوە ناکرێ، دەبینین ناسکترین هۆنراوە بۆجوانی سەرەڕێ کەتەنیا بۆچەند چرکەسات دیتوویەتی و هیچ لەلایەنەکانی ژیان و تەنانەت جەستەشی نازانێت، یان جوانێکی لەعەبا وەرپێچراو، یانیش سەماکەرانی مەلهاکانی بەغدا دەچرێت. کەچی هەرگیز بەبیریدا نایەت کەدوودێریش بۆ هاوسەری ژیانی، ئەوکەسەی ڕۆژگارێک تولەنەمایک بووەو چۆتە باوەشی، دایکی منداڵەکانیەتی و ئازاری مەرگی دوو کۆرپەی لەگەڵدا بەشکردووەو چەرمەسەرییەکانی ژیانی لەگەڵدا چەشتووە، بڵێت. جا ئەگەر گۆرانی مەزن کەگەلێک لەپێش ئەوسەردەمەو تاڕادەیەک ئێستاشەوە بووبێت وەها پیاوێک بێت، دەبێ ئەوانی تر چۆن بن.؟!
دیارە شیعر دەربڕینێکی ڕاستگۆیانەو بەزمانهێنانی ناخی شاعیرەو ناکرێ لەدەرەوەی ئەو هەستە ڕاستگۆیانەیە شیعرێکی سەرکەوتوو بەرهەم بێت. بۆیە ناشێ خواستێکی وامان لەگۆران، یان هەر شاعیرێکی تر هەبێت کەپەیامە شیعرییەکەی بەجۆرێکی تر بووایە. چونکە یەک لەفاکتەرە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی هەر شاعیرێک ڕاستگۆبوونییەتی لە دەربڕینی ناخی... بۆیە ئەگەر گۆران لەبەر خاتری ئافەرین، ئەو داخوازییەی ئێمەی بەجێهێنابایە، هەرگیز نەیدەتوانی بەرهەمێکی مەزن بخوڵقێنێت. لەبەر ئەمەشە کە قسەی ئێمە لەسەر کەسایەتییەکان نییە بەڵکو لەسەر ئایدیۆلۆژیایەکە کە ئایدیۆلۆژیای پیاوسالاریی و کاریگەرییەکانیەتی، کەلەمیانی کەسایەتی تاکەوە شیاوی هەڵسەنگاندنە.
جا ئەمە پیاوە. کەچی جاوەڕوانیەکەشی لەژن دروست بە پێچەوانەوەیەو نەک تەنانەت مانەوەی بەکچ تا شووکردنی مەرجی بایەخ و شایستەبوونییەتی بەڵکو هەرجۆرە پەیوەندییەکی ئەویندارانە بەپیاوەوەو

تەنانەت ماچێک و یان گۆڕینەوەی نامەیەکی عاشقانە..لەو بایەخەی کەمدەکاتەوەو لەکەداری دەکات و پیاو تائەو جێگایەدەڕوات کە خۆی مافدار ببینێت پەڕەپەڕە ژیانی ژن هەڵداتەوەو لەیەکەمین لاپەڕاکانییەوە بکۆڵێتەوەو بۆی کرابا خەونەکانیشی کۆنترۆڵ دەکرد.

شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

وەک کتێبێ تۆم هەڵبژارد

کە گرتمی بەدەستمەوەو

کەوتمە هەڵدانەوەی ناخت

یەک..یەک

پەڕەی دڵتم ژمارد

ئەوسا زانیم کتێبێ بووی

نەک لەشوێنێک

لەدەیان شوێندا پەڕیبووی!

گەرچی لێرەدا شێرکۆ بێکەس بەرانبەرەکەی(ژن) بەکتێب دەچوێنێت و ئەو وێچواندنەش نیشانەی بایەخ بۆدانان و شایستەدیتنییەتی و لەڕووی هونەرو جوانناسیشەوە وێنەیەکی بەرزو جوانە. بەڵام کتێبیش کاتێک ئەمدەست و ئەودەستی کرد دەگەچڵێت و گەردی لێ دەنیشێت و کۆن دەبێت. تەنانەت دەتوانێ بدڕێت و لەکەڵک بکەوێت. کەمەبەستی شاعیریش بە ئاشکرا دیارە هەر ئەمەیە.

دەڵێن شاعیر هەست ناسکەو ژێیەکانی هەستی تەنانەت بە جوڵەی تارمایی و سێبەریش دەکەونە لەرەو ئاوازیان لێدادەچۆڕێ. با وابێ! قسەیەکمان لەسەر ئەمە نییە. بەڵکو لەوەی چۆن ئایدیۆلۆژیای پیاوسالاری پانتایی داهێنانی هونەری و جوانناسیانە دەخاتە ژێر کۆنترۆڵ و بەنوێنەرایەتی ڕەگەزی پیاو پەیامەکانی خۆی دەگەیەنێت.

جێگای سەرنجە کە ئەوەی ڕەواج بە ئایدیۆلۆژیای پیاوسالاری و گوڕ بەسیستەمەکەی دەبەخشێت تەنیا پیاو نییە بەڵکو ژنیش لەژێر هەمان کاریگەریی دایەو بەچەندان شێوازو لەسەر ئاستی جۆربەجۆر خۆی نیشان دەدات. باباس لەوە نەکەین کە بۆ نموونە ئۆتۆریتەی ئاینی لەتوانایدایە بە بانگەوازێک دەیان ملیۆن ژن بهێنێتە سەرجادە تا خۆبەخشانە کڕنۆش بۆ پیاوو سیستەمەکەی ببەن و ماف و ئازادییەکانیان ڕەتکەنەوە. بەڵکو باس لە بواری جوانناسی و بیرو هونەرە. کە لەوێدا مەرج نییە بۆچوونەکان هێندە زەق بن کە بەتەنیا سەرنجێک بیانبینینەوە. بەڵکو دەکرێ شاردراوەو حەشاردراوبن.

کەژاڵ ئەحمەد دەڵێت:

ڕێکەوت بوو یان چارەنووس؟!

نازانم

لە یەکێکیاندا، دیرۆکم تەلاقدا

بە هەر هەموو شاسوارو

کۆیلە کانییەوە

بەدیوەخان و زبڵخانە

بە هەموو پادشاو سۆزانییەکان و

پاڵەوانە درۆزن و ترسنۆکە

ڕاستگۆکان و

**هەموو وشەو پیت و خاڵ**
**فاریزەی کتێبە سووره**
**نادادپەروەرەکانیەوە...**

کەژاڵ ئەحمەد لەم هۆنراوەیەدا کە ناونیشانی (تەڵاقتان کەوتبێ)ی بۆ داناوە، رووی دەمی لە پیاوەو بە زمانی شیعر نەفرەت لە بێدادییەکانی سیستەمی پیاوسالاری دەکات و بێ ئەوەی بەخۆی بزانێت، هەردەکەوێتەوە ژێر کاریگەرییەکانی ئەو سیستەمەو رەواج بە چەمک و ئایدیۆلۆژاکەی دەداتەوە.
ئەمەش کاتێکە کە جەلادو قوربانی تێکەڵ یەک دەکات و بەهەمان ئەندازەی جەلاد نەفرەت لەقوربانیش دەکات. ئەو قوربانییەش ژنەو ناوی سۆزانی بەسەردا بڕدراوە. سۆزانی دەستکردی پیاوەو هەر پیاویش کۆمەڵگا ناچاردەکات هەمووان نەفرەتی لێ بکەن و تورِی دەنە دەرێ. بەڵام سۆزانی شایستەی نەفرەت نییە. بەڵکو شایستەی سۆزو بەزەیی و هاوکاری و هەستی هاودەردییە.

دووەم/ قارەمانی دۆڕاوی نوکتە: لەنوکتەی کوردی (رۆژهەڵاتی) و بەشی هەرەزۆری قسە نەستەقەکاندا ژن، رۆڵی قارەمانێکی دۆڕاوی پێدراوە. رۆڵێک کە لە سێکسدا بەرجەستە دەبێت. سێکس کارێکە بەدووکەس (ژن و پیاو) ئەنجام دەدرێت. کەچی بۆ ژن شەرمەزارییەو بۆ پیاو ئاسایی. بۆ ژن، کارێکە واتای دۆڕان و شکەست، و بچوککردنەوە...و بۆ پیاو سەرکەوتن و شانازی و مەزنایەتی.. دەگەیەنێت.
لەبەر ئەوەش کە مرۆڤی دۆڕاو مایەی پێکەنینە، کەواتە ژن لێرەدا ئەو قارەمانەیە کەدەبێتە مایەی پێکەنین و گاڵتەپێکردن بۆ پیاو. و لەهەر شوێنێکدا پیاو پتر توانیبێتی ژن لەخشتە بەرێت و ژنیش بەدڵپاکی و میهرەبانی خۆی فریوی فێڵ و بەڵێنە درۆکانی پیاوی خواردبێت، ئەوە پلەی کارامەیی نوکتەبێژ و چێژوەرگرتن لەنوکتە دەگاتە لوتکەی خۆی. (ڕشتەی مرواری) یەکەی مامۆستا عەلادین سوجادی بەرچاوترین نموونەن لەم ڕووەوە.

سێیەم/ خاڵی لاوازی نەیار: لەهەر شوێنێک لەئەدەب و هونەردا ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن، ڕەقیب، غەریم، مونافیس، نەیار... پێویست بووبێ یەک لەو چەکانەی بەکارهاتوون، جنێو بووە کە ئەو جنێوەش بەرلەوەی بگاتە پیاو بەژندا تێدەپەڕێت. ئەمەش دووپاتکردنەوەو جەخت لەسەرکردن و ڕەنگپێدانەوەی ژیانی ئاساییشە. کەئەدەب و هونەر نەیانتوانیوە لەجوانناسیدا جوانی بکەن و گۆڕانی بەسەردا بهێنن. بەڵکو بەپێچەوانەوە لەبری ڕووبەڕووبوونەوەو ڕەتکردنەوەی، دەستەوەستانانە و لاسایی کەرەوانە هەمان ڕێگا دەگرنەوەبەر.

ئەوەتا شێخ ڕەزا ڕقی لەمامی هەڵدەستێت و دەخوازێ هەجووی بکات کەچی دەچێت و یەخەی ئامۆژن دەگرێت و دەڵێت: **مامەکەم قەحبەژنە دەوڵەتی شەدادی هەیە....**
حەزرەتی نالیش لە میرو پادشاو دەسەڵاتدارانی ئەردەلان یاخی دەبێت، کەچی قین و بێزاری خۆی بەسەر ماەشەرەف خانم، ناسراو بە مەستوورە خانمدا دادەڕێژێ و ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوەی لە بنەماڵەی میرەکانی ئەردەلانەو ژنیشە. کە ئاوا دەستپێدەکات:
**مەستوورە کە حەسناوو ئەدیبە بە حیسابێ**
**هاتە خەوم ئەمشەو بە چ نازێک و عیتابێ**

کەپاشان بەجۆرێک لەکەناڵی سێکس و هەوەسبازییەکی پیاوانە، و بەمەبەستی شکاندن و سوکایەتی پێکردن دەکەوێتە وەسفی جەستەی ئەو خانمە، کە نووسینەوەی لێرەدا بەشەرم دەزانم.
شیاوی گوتنە کە وەک دەزانین مەستوورەخانم شاعیر بووەو لەبری ئەوەی ئەو شاعیربوونەی ببێتە مایەی ڕێزو شانازی لەلایەن حەزرەتی نالییەوە، دەبێتە ئامانجی پەلاماردان و سووکایەتی پێکردن کە لێرەدا هەستی ئیرەیی و چاوپێهەڵنەهاتنیش بەدوور نازانم کە لە دیدی ئایدیۆلۆژیای پیاو سالارانەوە، چۆن دەبێ ژن ئەو بوێرییەی تێدا بێت شاعیر بێت و کێ بەرکێ لەگەڵ پیاودابکات.؟!

## ویکچواندنی دژەکان:

ڕواڵەتی ئەدەبی کوردی و سەرتاپای ئەدەبی گەلان، ستایش و پێداهەڵگوتنی ژنە. ژن دەبێتە خوا، پەرستگا، بت، فریشتە، مانگ، ئەستێرە، ستران، موزیک، مەل، گوڵ... هتد بەڵام ئەمانە هەموو زمانی مەراییکردن و لەخشتەبردن و تەنیامەبەستی بەدەستهێنانی سێکسەو هەرکات ئەو سێکسە بەدەستهات، یانیش ئارەزوویەک بۆبەدەستهێنانی نەما ئیتر ئەمجار ژن دەبێتە: شەیتان، جندوکە، جادووگەر، فیتنە، بێ حەیا، فاحیشە، دێڵەسەگ... هتد
وێکچواندنی ژن بەو سیمبۆلانەی واتای ستایش و یانیش بەکەمگرتن و بەدناوکردن دەدەن، شێوازێکی ترە کەبەپێی بەرژەوەندییەکانی پیاوو یانیش خواستەکانی ئەو لەئایدیۆلۆژیای پیاوسالاریدا چەسپاون و بوون بەیاسا. و لە فەرهەنگ و ئەدەبیاتیشداو بەمۆتیڤێکی نائاگاییانە دووبارە ڕەنگ و ڕاواجی پێدەدرێتەوە.
بۆنموونە، دوو وشەی گۆڵ و دێڵ، لەزمانی کوردیدا بەنێرو مێی هەندێک ئاژەڵ بەتایبەتی سەگ دەگوترێت. لەهەمانکاتدا گۆڵ سیمبۆلە بۆ ئازایەتی و جوامێری و بەگشتی هەڵگری خەسڵەتی باشە. بەڵام دێڵ(دەڵ) بە پێچەوانەوە سیمبۆلی ترسنۆکی و بێ کەڵکی و هیچ لەبارانداننەبوونە. و بەگشتی هەڵگری خەسڵەتی خراپە.
کورد دەڵێ: بەگۆڵم گوێ بڕی دێڵ دەرچوو
واتا: ئەوچاوەڕوانییە باشەی لەوم هەبوو لەجێگای خۆیدا نەبوو، یانیش لەئاستی چاوەڕوانییەکانی مندا نەبوو.. چونکە گوندنشینان لەکوردستان گوێی سەگی نێرینە دەبڕن تالەشەڕەسەگدا بەرگازگرتن نەکەوێت. ئیتر کاتێک گوێی سەگێک ببڕی کەمێینەبێت، کارێکی خۆڕاییە. چونکە شەڕ بەسەگی مێینە ناکرێت.
شاعیری گەورەو سۆفی هەمیشە زیندووی ئێمەش (مەحوی)، بێ ئەوەی بەدوای هیچکام لەومەبەستانەی سەرەوەدا بووبێ دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەوجۆرە تێگەیشتنە باوە لەهەڵسەنگاندن و مامەڵەکردن لەگەڵ دووڕەگەزی نێرو مێدا و دەڵێت:

**(مەحوی) ! قەضا قسێکی خۆشی وت بەچاری ڕوس**
**دوێنێ گەماڵە گەورەکە، ئەمڕۆ یەکێ دەڵی**

واتا سەیری ڕۆژگار چی بەسەر قەیسەری ڕوس هێنا دوێنێ سەگێکی گەورەبوو ئەمڕۆش بۆتە دێڵەسەگ.

حاجی قادری کۆییش لەنموونەیەکی تردا دەڵێت:
**ئەوانەی موڵکی خۆیان کردە دەوڵەت**
**وەکو بت دەیپەرستن جەمعی میللەت**

**میثالی ئێوەبوون یاخود وەکوومن**
**ئەوان بۆچی پیاون ئێمە وەک ژن**

لەم نموونانەدا، لەبەرانبەر یەکدانان و بەراوردکردنی گەورەیی و بچوکی، بەرزی و نزمی... ئاشکرایە کەگەورەیی و بەرزییەکە بۆتە نسیبی پیاوو. و بچوکی و نزمییەکەش هی ژن.

بەگشتی پیاو لەبەرانبەر ژندا کەسایەتییەکی شیزۆفرینیاییە. هەم خۆی وەک دوو کەسایەتی ناکۆک و دژبەیەک مامەڵە لەگەڵ ژندا دەکات. هەم ژن وەک دوو ڕەگەزی ناکۆک دەبینێت. ئەوەتا لەلایەکەوە دەبێتە نۆکەرو کۆیلەو غولام و خۆڵی بەری پێی ژن، کەچی لەهەمان کاتداوەک بوونەوەرێکی نزم، دەیبینێت.
تەنانەت ئەو شتانەی پیاو لەژنی دەخوازێت ناکۆک و دژ بەیەکن. ئەمە سەرلێشێواوییەکە پیاوانی ئازادیخوازو لایەنگرانی مافی ژنیش گرفتاری دەبن.
هێمن ڕوو لەژن دەکات و دەڵێت:
**نامەوێ ڕووبگری تادەمرم بەفێڵبازی و درۆ**
**یاری نازداری لەباری دیاری شەرمینم دەوێ**

هێمنی ئازادیخوازو ژندۆست، تازەبەتازە کیژی شەرمنی دەوێ و بەخۆی نازانێ کەئەمە دووپاتکردنەوەی هەمان پەندەکوردییەکەیە کەدەڵێت: ژنی شەرمن شارێک دێنێت، پیاوی شەرمن هیچ ناهێنێت..
کەچی پاشان هێمن هەر لەهەمان هۆنراوەدا دەڵێت:
**من تەشی ڕێسێکی وەک شیرینی وەفاییم بۆ چیە**
**کیژی وریای چاوکراوەی فێرە زانینم دەوێ...!**
هێمن لەیەک کاتدا هەم کیژێکی کوردی دەوێت شەرمن بێت، و هەم وریاو چاوکراوەو فێرە زانین..! ئاخر چۆن ئەم دوو ناکۆکە پێکەوە دەبن..؟
شەرمنی بەواتای ڕامکراوی، ملکەچی، باوەڕبەخۆنەبوون، گۆشەگیریی، چاونەکراوەیی... ئەمەش دروست پێچەوانەی ئەو خواستەیە کەلەبەیتی دووەمدا بەرجەستەی دەکات.
ناکۆکی نێوان ئەم دووانە، ناکۆکی نێوان (ئاگایی)و (نائاگایی)یە. ئەو کە لەڕێگای بەکارهێنانی هۆش و بیرییەوە لایەنگرێکی ئازادیخوازانەی ژنە، لە (نائاگایی) دا جارێکی تر دەبێتەوە ئەو پیاوەی لەژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژیا پیاو سالارییەکەدایە. دەنا چۆن دەڵێت:

**وەرە خاسەکەوی ڕام و کەویی من**
**وەرە ئیلهامەکەی نیوەشەوی من**

ئایا دەکرێ مرۆڤ لەیەک کاتدا هەم یاخیبوون لەستەم و ئازادی بۆ ڕەگەزێک بخوازێت و هەم بشیەوێ کەوی و ڕامکراو بێت..؟

پرسیاری کۆتایی ئەمەیە: ئایا ئەوخەسڵەتانای پیاو کەلەم باسەدا ناومان بردن بەشێکە لەسروشتی پیاو هەربەوجۆرەی سروشت مرۆڤی بەسەر دوو ڕەگەزی نێرومێدا بەشکردووەو هەرکام خاوەنی خەسڵەتی جەستەیی تایبەت و لەبەرانبەر یەکتردا نەگۆڕن..؟ نەخێر! ئەگەر وابووایە شیاوی باس و لێکۆڵینەوە

نەدەبوو، و دەبوایە هەمووانیش ملی بۆکەچ کەن وەک واقیعێکی تاڵ یان شیرین..! و هەر ئەمەشە کە ئایدیۆلۆژیای پیاوسالاری دەیەوێ بیسەپێنێت و وەک واقیعیکی ئەبەدی و سروشتکرد بەهەمووانی تەڵقین بکات. بەڵام ئەمانە هەموو خەسڵەتی بەدەستهاتوون و لەبناغەوە داهێنەرو خوڵقێنەر هەر خودی پیاوە.

## سەرچاوەو پەراوێزەکان

1– مارکس لە شوێنێکدا کە باس لەکاریگەریی و هێزی سنوورنەناسی دراو دەکات دەڵێت: (من دەتوانم جوانترینی ژنەکان بکڕم). بەڵام بەخوێندنەوەیەکی وردی ئەم بابەتە دەردەکەوێت کە ئەوە دیدی مارکس نییە، بەڵکو نیشاندانی واقیعێکە کە دراو دەیخوڵقێنێت. ئەو واقیعەش ڕەتدەکاتەوە. چونکە هەرلەهەمان بابەتدا دراو، بەزنجیر دەچوێنێت و دەڵێت: (ئەگەر دراو ئەو زنجیرەیە کەپەیوەندی من بەژیانی مرۆڤایەتییەوە، کۆمەڵگا بەمنەوەو سروشت و ئادەمیزاد بەیەکەوە گرێدەدات، ئایا زنجیری زنجیرەکان نییە..؟ ئایا دراو ناتوانێ تەواوی کۆت و بەندەکان بکاتەوەو جارێکی تر بیانبەستێتەوە..؟)
بۆزۆرتر زانیاری بڕوانە: بابک احمدی– مارکس و سیاست مدرن. نشر مرکز. چاپ سوم 1381 لاپەڕەکانی: 31، 361، 360، 577، 574
2– سون اریک لیدمان– تاریخ عقاید سیاسی از افلاتون تا هابرماس. ترجمە: سعید مقدم. نشر دانش ایران.1379 ل291
3– هەمان سەرچاوە.
4– بۆ زۆرتر زانیاری بڕوانە: بابک احمدی– حقیقت و زیبایی؛ درسهایی فلسفە هنر– تهران: نشر مرکز،1382ص171–176
5– بڕوانە: حسینعلی نوذری– مدرنیتە و مدرنیسم؛ تهران: انتشارات نقش جهان 1379 ص429–435
6– بابک احمدی؛ هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.
7– گفتوگو با محمد ضمیریان؛ اندیشەهای فلسفی در پایان هزارە دوم– تهران: انتشارات هرمس1380